

# مەرگی روناکی

سەردار عەزیز

**خوێندنەوەک بۆ تابلۆیەکی هونەرمەند مەدحەت کاکەیی**
**پێشکەشە بە ئامین؛ کە بێ ئەوەی بزانێ سیاسەت چیە ئازارەکانی ئەچێژێ**

**رەشایی تاریکتر لە شەوی یەڵدا. سپێتی رەنگی باریکن، هەتا دێ باریکترئەبن. سپێتی دەبێ نەمێنێ، سپێتی هێڵێکی راست و چەپی بە سەرا هێنراوە. لە سپێتیدا روخساری مرۆڤ، ماڵ بەدی ئەکرێ. سپێتی کە هێمایە بۆ ژیان لە ژێر مەترسیدایە بۆ نەمان. ئەم تابلۆیە بەشێکە لە نوسینەوەی مێژوو. مێژووی نەمان. مێژووی کۆتایی شتەکان، کەسەکان. وەک کوردێک یان زۆر پێی ئاشناین یان لە نێویا بەدوای روخساری خۆمانا ئەگەرێین.**
**لە تێرامانڎا وەک بینەرێک هەست ئەکەیت، ساتێکی تر، سەرتاپا تابلۆکە ئەبێتە یەک پارچە لە رەشی. لێرەدا ململانێ دێرینەکەی نێوان چاکە و خراپە لە ئارادایە. بەڵام دڵتەنگانە لەم ساتەوەختەدا رەشی کە سیمبولی خراپەیە باڵادەستە. کە تابلۆکە رەش ئەبێت، روناکی ئەمرێت. لە مەرگی روناکیدا لەزەتێک هەیە بۆ ئەوانەی نامۆن بە روناکی. سەردەمی ئێمە سەردەمی چێژ وەرگرتنە لە وێرانکردن، ئەویش لە دەرئەنجامی نامۆبوونمان بە خۆمان وەک واڵتەر بنیامین دەڵێت. ئەم تابلۆیەی مەدحەت کاکەیی، کۆتاییە و سەرەتاشە. بۆ من تابلۆیەکە بۆ ئەنفال. تابلۆیەکە بۆ تەواوبوونی ژیانی گوند و دەستپێکردنی ژیانی ئۆردوگا. ئۆردوگا بەتاڵە لە جوانی. جێگایەکە وا هەست دەکەی ئیتر بۆ هەتا هەتایە لەوێی. هەموو شتێک لەیەک ئەچێ. ئۆردوگاکان شوێنی تایبەت و دیاریکراون لە سەر رووی گۆی زەوی. شوێنێک کە تیایا خەون بینین و قسەکردن و نانخواردن و چونە سەر ئاودەست و جل لەبەرکردن و گانکردن و لە خەو هەستان و ئیشکردن و هەرچی شتی تریش هەیە لە ژێر چاودێردایە. ئوردوگا وەک نوسەری جولەکەی هەنگاری ئیمیر کیرتیساز ئەڵێت؛ شێوازێکی چری سیستەمی کەپیتالیزمە. سیستەمێکە مرۆڤ مرۆڤ بەکارئەهێنێ تەنها بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەبێ گوێدانە مرۆڤ بوونی ئەویتر. ئۆردوگا هەوڵێکە بۆ ئابلۆقەدانی مرۆڤ، سنورداکردنی، لەناوبردنی، چونکە کارێکی وەها بە قازانج بۆ هەڵسورێنەرانی ئەگەرێتەوە. کێرتیساز کە خاوەنی پاداشتی نۆبڵە لە ئادابدا، کاتێک بردیان بۆ ئۆردوگا لە کاتی شەری دووەمی جیهانیدا قوتابی بوو. بەڵام لە کاتی لێپرسینەوەیدا ئەو خۆی بە کرێکار نووسی، چونکە کرێکاربوون چانسی پێئەدا بۆ ئەوەی زۆرتر بژی. زۆر تر ئەژی چونکە بەکەڵکی کاردێت. بەڵام ئەگەر بهاتایە بیگوتایە قوتابیە ئەوا هەرزوو لە ناویان ئەبرد چونکە بە کەڵکی کار نەئەهات. بۆیە**

به  خەتی گەورە لە  ئەڵمانیا و پۆڵۆنیا لە ئۆردوگاکانی نازیەکاندا نوسرابوو؛ کارکردن ئازادی ئەهێنێ. لە ئۆردوگا مرۆڤ بوون دەگاتە بن بەست. مرۆڤەکان بەکاردەهێنرێن تا کەڵکیان هەبێت کە بێ کەڵک بوون پاشان فرێ ئەدرێنە چاڵێکەوە. لە بەر سیستەمی ئابووری لە عێراقدا، کە پشت بە نەوت ئەبەستێ، دەستی کار هێندە پێویست نیە بۆ ئابووری، بۆیە پرۆسەکە هەرزوو گەشتە قۆناخی قڕکردن.

ئەم تابلۆیەی مەدحەت، ئەمباتەوە بۆ رۆژانێک، کە تائێستاش، لەم شارە هێمنەی قەراخ زەریای ئەتلەسیەدا شەوانە لە خەوم رائەچلەکێنێ. (جێی باسە، کچێ هاورێم کە لە پرۆژەیەکا کارئەکات بۆ نوسینەوەی چیرۆکی خەڵکە ئەنفالکراوەکان، جارێکیان پێی وتم؛ ئەوەی ئەوان زیاتر لە هەمووشتێ حەزئەکەن بۆیان بکرێت، کردنەوەی نەخۆشخانەیەکی دەروونیە بۆ یارمەتیدانیان هەتا بتوانن بە ئاسانتر لە گەڵ چیرۆکەکانیادا بژین).

هاوین بوو کە ئێمەیان گوێزایەوە، مانگی تەموز. من لە سێبەری باوکمدا وەستابووم، هەردوکمان ئەمانروانیە ئەو شۆفڵە رەنگ زەردەی کە بێبەزەییانە قەپی لە ماڵەکەمان گیرئەکردوو پاشان بەسەریەکدا ئەیروخاند. ئێمە هەردوکمان بێدەنگ بێدەنگێ تەماشامان ئەکردوو فرمێسک بە چاومانا ئەهاتە خوارێ. من نەمئەتوانی لە روومەتی باوکم بنوارم. حەزم نەئەکرد ئاوا بەو شێوە بێدەسەڵاتیە ببینم. ئێمە هەردوکمان بە چاوی خۆمان ئەمانبینی چۆن شوێنی یادەوەریەکانمان، ئەو جێگایەی تیا گەورەبووین، تیا نوستین، تیا نانمانخوارد، خەونمان تیابینی، تیایا هەستمان بە ئاسودەگی و ئاسایشکرد، وێراندەکرێ. من هەستم کرد منالێم لە دەست چوو، شوێنی یاریەکانم، تەنها دارتوەکەی حەوشەکەمان کە هەردەم بە هاورێیەکی شیرینی خۆمم ئەزانی. وەک لە تابلۆکەدا ئەبینرێ ماڵەکان لە شێوەی کەللەسەردان. بە هەمانشێوە من گوێم لێبوو دار و بەردەکان هاواریان ئەکرد. لە هەمانکاتا هەستم ئەکرد من وێران ئەکریم. ئەو رۆژە کە ئێمە گەشتین بۆ ئەوەی تەماشای ماڵەکانمان بکەین چۆن دەروخێ، رۆژێکی گەرم بوو، لە بیرم دێت حەڤدەی مانگی تەموز بوو، لە هەموو شوێنێک و لە هەموو شتێ تینی گەرما هەڵئەستا. گەرمیان لە هاویندا ئەبێتە دۆزەخ.  کە ئێمە گەشتین شۆفڵەکە وەستابوو، گەورەو گران دیاربوو، لێی نوسرابوو، کەتەرپیلەر، پاشان کە لە فەرهەنگی زماندا ماناکەیم دۆزیەوە، سەرم سورما، کە بە باوکم ووت، دەزانی مانای ناوی ئەو کۆمپانیایە چیە کە شۆفڵەکەی دروستکردبوو، سەیرێکی کردم و هیچی نەووت، ئینجا من ووتم، پەپولە، سەیرە ها. باوکم هەر بێدەنگ بوو، بێدەنگ بونێک کە نزیکەی مانگێکی خایاند. ئەو وەک بە دایکمی ووتبوو، نەی ئەزانی ژیانی ئۆردگا بەچی دەست پێبکات. زۆریش بیری لەوە کردبووەوە کە واز لە ژیانی بێنێت. بەڵام پاشان ووتبووی من تازە تەمەنم کردوەو لە دەستچووو، با بەردوام بم.  پاش وەستانەکە شۆفڵەکە وورده وورده کەوتە رێ، لە رێکردنیدا دەنگێکی زۆری لێوەئەهات. من و باوکم تێمان ئەروانی، هەموولەشمان کردبووە چاوو ئەمانزانی ئێستا شتێک رووئەدات، رووداوێک کە بۆ هەتاهەتایە لە گەڵمانا دەبێت. ماڵەکەی ئێمە لە گوندەکەدا یەکەم ماڵ بوو، شۆفڵەکە لەلای راستەوە دەستی پێکرد. سایەقەکەی رەشتاڵەیەکی قژ تەلینی، چاو زاقی، دان شاشی، لچ زل بوو. گوێم لە بێدەنگیەکەی باوکم بوو، ئەو جار جار وورتە وورتێکی لێوە ئەهات، وەک ئەوەی قەشەیەک بێت و لەگەڵ خوادا بدوێ.

ئەوەی بە سەر ماڵەکەی ئێمە هات، بەشێک بوو لە هەڵمەتێکی گەورە بۆ بەتاڵان بردن؛ لە لایەن نەتەوەیەکەوە کە وا بیرئەکەنەوە کە لە لایەن خواوە رێیان پێدراوە کە ژن و منداڵ و سەروەت و سامانی خەڵکی بە تاڵان بەرن. کارێکی هێندە سەمەرەیە، کە خوا خۆشی هەستی پێکردوە، لە سەرەتای ئەو سورەتەدا بە پێغەمبەرەکەی دەڵێ، پرسیارت لێئەکەن دەربارەی ئەنفال. بەڵی کارێکی وا شایانی پرسیارلێکردن نەبێ، ئیتر چی شایانی پرسیار لێکردنە. ئەو ئۆردگایەی کە ئێمەیان بۆ گوێزایەوە وەک هەموو ئۆردوگاکانی تر لە دەشتاییەکدا بوو، بۆ مەبەستی کۆنترۆڵ کردن. عەرەبەکان خۆیان خەڵکی دەشتایین، لە هەموو بستێکی شاخ و بەرزاییەکان گومانیان هەیە، ئەترسن، بە دۆستی خۆیانیان نازانن. ئۆردگاکەی کە ئێمەیان بۆ برد ناوی صمود بوو، بە زمانی عەرەبان یانی خۆراگر. بەڵام بوونمان لەوێ باشترین نیشانەی ئەوە بوو کە ئێمە لە گەڵ هەموو شتێکی ترا خۆراگریشمان لە دەستدابوو. رەنگە هەر بۆ ئەو مەبەستە وا ناویان نابێت، ئەوانەی کە خۆراگریان لە دەستدا. ئێمە خۆراگریمان لە دەست دابوو بەرامبەر بە درندەترین هێز لە مێژووی هەموو مرۆڤایەتیدا. هێزی عەرەبان، ئەوانەی بە پۆستاڵەکانی پێیان منالێیان بەرشەق

ئەدا تامردن، منداڵەکە تەنها بەوە تاوانباربوو کە لێیان ئەترساو تەنها چەکیشی گریان بوو. ئۆردگاکە لە دەشتی شاکەل بوو لە گەرمیان.

تابلۆکەی مەدحەت پرسیارە پڕ لە ئازارەکەی نوسەری جولەکەی ئیتالی پریمۆ لیڤی ئەکات، ئایا ئەمەیە مرۆڤ. ئایا ئەمەیە مرۆڤ؛ کە حەزئەکات تاریکی دابێت. مرۆڤەکانی تر بمرن. روناکی و سپیتی هێڵێکی راست و چەپیان بەسەرابێت. کتێبەکەی لیڤی، ئەو پیاوەی کە لەئوردوگا رزگاری بوو بەڵام پاشان خۆی کوشت بە جوانترین و خەمبارترین دەقی شیعری ئەم سەدەیە دەست پێئەکات. تۆ ئەی ئەو کەسەی لە ماڵە گەرمەکەتا بە هێمنی ئەژیت، ئەی ئەو کەسەی کە ئێواران ئەگەڕێیتەوە خواردنی گەرم و روویەکی خۆش پێشوازیت لێئەکات. بیر لەوە بکەرەوە کەسێک هەیە، لە نێو قوڕا کاری پێئەکەن، کەسێ نازانێ ئاشتی چیە، کەسێ کە بۆ لەتێ نان تێئەکۆشێ، ژیانی کورت بوەتەوە بۆ ئەرێ و نەرێیەک.

ئەگەر یەکێک لە ئەرکەکانی هونەر خولقاندنی دونیایەیەک بێت کە نیە، ئەوا ئەم تابلۆیە وێنەی دونیایەک ئەکێشێ کە نامێنێ. مەدحەت بە رەنگی سادە و ساکار تراژیدیاک وێنائەکات کە رەنگە لە گەورەیی و ئاڵوزیا تەنها بەم ساکاریە دەرببرێت.